حکومەت ئەولەویەتکانی کەرتی کارەبا دووپات دەکاتەوە و تاوتوێی بودجەی بەکاربردن بۆ ساڵی 2026 دەکات



ئەمڕۆ یەکشەممە"تەیف سامی"وەزیری دارایی،جەختی کردەوە کە حکومەت لە گرنگی کەرتی کارەبا تێدەگات چونکە یەکێکە لە ئەولەویەتە (لەپێشینە) سەرکییەکان.

لە راگەیەندراوەکی نووسینگەی "زیاد عەلی فازل" وەزیری کارەبا،کە دەستی ئاژانسی هەواڵی موتەبع کەوتووە،تیایدا هاتووە: "زیاد عەلی فازل" وەزیری کارەبا،لەگەڵ "تەیف سامی" وەزیری دارایی، بودجەی کارپێکردنی ساڵی 2026ی کەرتی وزەی کارەبایان تاوتوێ کرد،بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری گشتی بانکی عێراقی بۆ بازرگانی (TBI) و ژمارێیەک بەرپرسی هەردوو وەزارەتەکە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، لە دیدارەکەدا گفتوگۆ کرا لەبارەی بودجەی تایبەت بە چاککردنەوە و بەردەوامبوونی کارەکانی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا، جگە لە کەرتەکانی گواستنەوە و دابەشکردن، هەروەها تێچووی ئەو سووتەمەنییەی بۆ کارپێکردنی وێستگەکان پێویستە تاوتوێ کرا، بۆ ئامانجی بەدەستهێنانی دابینکردنی وزە و باشترکردنی ئێدا لەم ساڵەدا.

بەگوترەی ناوبراوەکی راگەیەندراوەکە : وەزیری کارەبا جەختی کردەوە کە دابینکردنی بودجەیەکی جێگیر بۆ کارپێکردن، بۆ زامنکردنی بەردەوامیی کارەکانی سیستەمی کارەبا و باشترکردنی ئاستی دابینکردنی وزە پێویستە و ئاماژەی بۆشکرد کە وەزارەت بەپێی پلانێکی تەکنیکی و کارپێکردنی ڕوون کار دەکات کە

پەیوەستی بە پشتگیرییەکی بەردەوام هەیە بە ئەوەی لە داهاتوودا تووشی هیچ جۆرە گرفت و قەیرانێک نەبێت.

لای خۆیەوە،وەزیری دارایی بایەخ و گرنگیی کەرتی کارەبای خستە ڕوو و جەختی کردەوە لەسەر تێگەیشتنی حکومەت بە پەیوەستی گرنگیدان بەم کەرتە، چونکە یەکێکە لە ئەولەویەتە سەرەکییەکان و پێیوەندییەکی هاستەوخۆی بە ژیانی هاوواڵتیانەوە هەیە.